

# گەمەی میکانۆ

**هێمن بەرزنجی**
**(سلێمانی)**

بەسەر شۆستەی شەقامەکەدا دەڕۆم، گوێ لە شیعرەکەی (بێخود) دەگرم بەدەنگی باست
**"دڵم بۆ زوڵف و ڕووی جانانە ئەگری"**

ئەوەندەی بیر دەکەمەوە.. ئەوەندەی بیردەکەمەوە دەکەومە ناو چاڵی نەمامێکەوە، هەڵدەستمەوە و دێمە دەر، دووکچ کە تازە لە دەرگای زانکۆ هاتوونەتەدەر دەست بەدەمیانەوە دەگرن و پێدەکەنن. ئەوان نازانن من بەسەردا کەوتوومەتە نێو چاڵی یادی ئەو. چووزانن کە بیرکردنەوەم لە ئەو کوێریشی کردووم.

دەڕۆم و وای دەخەملێنم لە کافێکە چاوەڕوانم دەکات، بەپەلە خۆم دەگەیەنمە کافێکە و دەرگاکەی دەکەمەوە، چاو بەسەر مێز و کورسییەکاندا دەگێڕم، دەبینم لە دواوەی دواوە لە سەر کورسییەک دانیشتووە و بۆنی ئەو گوڵە دەکات کە وا بڕیارە بەدیاری بمداتێ، جاری پێشوو گوتی: گوڵی پاتۆنیات بۆ دەهێنم. ئای حەزدەکەم بزانم گوڵی پاتۆنیا چییە؟! نەنگی نییە قەت ئەو جۆرە گوڵەم نەدیتووە، ڕەنگە هی ئەوەبێت ئێمە لەماڵەوە ئینجانە و گوڵمان نییە، یانی بەگشتی ئێمە خێزانێکین گوڵ دۆست نین.

بە ئاراستەی ئەودا دەڕۆم و چاو دەبڕمە لەچکە سپییەکەی، دڵم فێنک دەبێتەوە، هەست بە فڕینێکی بچکۆلە دەکەم، بەڵام لە جێگەی خۆمم نافڕم، لەسەر خۆ بەناو پێچی کورسی و مێزەکاندا دەچم بۆلای و لەحەژمەت گەیشتنم بەو، بەر شەکردانەکە دەکەوم! شەکردانەکە دوو جار دەخولێتەوەو لەسەر مێزەکە دەکەوێتە خوارەوە.

شاگردەکە بە پڕتاو دێت و دەڵێت:

- هیچ نییە تەنیا شەکرەکە ڕژا.

دەمەوێت وردە شووشە و دەنکە، دەنکەی، شەکرەکان کۆبکەمەوە، وادەکەم هاوکاری ئەو شاگردە ڕووخۆشە بکەم،

بەڵام هێندە نابات سەرم بڵند دەکەم، ئەو لەوێ نەماوە، هەڵدەستم بە حەپەساوییەوە دەست دەکەم بەڕۆیشتن.

دیسان شاگردەکە دەڵێت:

– ڕاوەستە دەستت بڕیوە و خوێنی لێ دەتکێت.

-٢-

بەدەستی خوێناوی و دڵی شکاوەوە، گێژە گێژ بەشەقامەکاندا دەڕۆم، بێ ئاگا لەوەی شتێک ڕوویداوە و وەک هەموو خەڵکی هەواڵێکی دڵتەزێن دەبیستم، هەواڵێک تەواوی خەڵکی شارەکەی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، کەسێک بەکوژراوی دۆزراوەتەوە، ئەو هەواڵە وەک بۆمبێک لە ناوەڕاستی شاردا تەقییەوە، هەواڵی کوشتنی پیاوێک! ئەو خەڵکەش هێندەیان دەزانی، کوژراوێک جەستەی کراوە بە "سێ" کەرتەوە. ڕاستییەکەی منیش کە دیمەنەکەم لە شاشەی مۆبایلەکانەوە بینی، دیمەنی مەرگێکی ترسهێنەر هاتە پێش چاوم، دیمەنی ئەو وێنانە ئازاری دەروونیان دروستکرد کە بە دڕندانەترین شێوە پیاوێک کوژرابوو.

سەرەتا ئەو هەواڵە لەزاری پیرێژنێکەوە بڵاوبۆوە کە بەیانییەکی زوو، کە هێشتا کۆڵان چۆڵ بوو، پیرەژنەکە دەرگای حەوشە دەکاتەوە، پارچەیەک مقەبای سیکۆتیناوی بەدەستەوە دەبێت، کە جرجێکی لەسەربوو، پیرەژنەکە بەئاراستەی کەلاوەکەی سەرکۆڵانەکە دەڕوات، هاوکات لەگەڵ فڕێدانی پارچە مقەباکەدا چاوی بە قاچێک دەکەوێت کە بە ئاستەم لە دەمی گونییەکی بۆرەوە هاتبووە دەرەوە. خۆ ئەگەر خوێنیشی لەگەڵی نەدیبایە، ئەوا بڕوای نەدەکرد کە ئەوە قاچی مرۆڤی ڕاستەقینەیە، چونکە بیستبووی کە چینییەکان لە شێوەی مرۆڤ بووکەڵەیان دروست کردووە بۆ ژن و پیاوە تەنیاکان، پیرەژنەکە کەمێک لە گونییەکە نزیک دەبێتەوە و دەسڵەمێتەوە، ئیدی تێدەگات، کە ئەوە قاچی بڕدراوەی مرۆڤێکە، پاشان لێی دوور دەکەوێتەوە، بیر لەوەدەکاتەوە داخۆ کام کەس بەهۆی نەخۆشی شەکرەوە قاچی بڕدرابێتەوە؟ بێ باکانە لەوێدا فڕێدراوە؟! بەڵام ئەو کارە ڕێگەی تێنەدەچوو، چونکە پیرەژنەکە دەیزانی بڕینەوەی قاچ لە نەخۆشخانە بەچاودێری وردی پزیشکەکان جێبەجێ دەکرێت.

پیرەژنەکە دەیکات بە هاتوهاوار خەڵکی لێ کۆدەکاتەوە، هێندە نابات پۆلیس دێت، لە شوێنی فڕێدانی قاچەکان لێکۆڵینەوەیان دەست پێ دەکات، ئەوان کە خەریکی لێکۆڵینەوەو سەرەداو دەبن، لە دوو جێگەی دیکەوە پۆلیس ئاگادارەکرێنەوە کە بە جیا کەللەسەر و نیوە لاشەیەکی تر هەیە.

-٣-

هەواڵەکە فەرامۆش دەکەم، لەجێگەیەک دەگەڕێم تا دەستە خوێناوییەکەم بشۆم و بەپارچە پەڕۆیەک بیبەسم، بێچارە نازانم ڕوو لەکوێ بکەم، دیمەنی ئەو ژنانەی لەچکیان سپییە دامدەچڵەکێنن و وام لێ دەکەن دوایان بکەوم و لێیان بڕوانم، تووشی دۆخی خەملاندنی خەیاڵ دەبم، هەرجارە و دەستی یەکێکیان دەگرم، بەناو پانتایی شۆستەی شەقامەکەدا لەگەڵیان دەڕۆم و قسەیان بۆ دەکەم، بەڵام ژنە لەچک سپییەکان قسەناکەن و وەک شێتێک لەو ڕەفتارەم دەڕوانن.

-٤-

تۆ وا بیهێنە پێش چاوی خۆت کەسی کوژراو بەزیندوویی و بەدیلی دەکەوێتە بەردەستی بکوژەکە، بکوژەکە دوو ڕۆژ بە برسێتی و تینوویەتی لە ژوورێکی ناو ژێر زەمینەکەدا دەیهێڵێتەوە، دەیان جۆر بیر لە شێوازی کوشتنی دەکاتەوە، تا ئەو کاتەی کە ئیدی باشترین سیناریۆ بۆ لەناوبردنی هەڵدەبژێرێت، بکوژەکە بەرلەوەی دەست بەکارەکەی بکات بۆ ماوەی چوار کاتژمێر پیاوەکە بەجێ دێڵێت و بەرەو بارێک دەڕوات، پاش ئەوەی دێتەوە دەیەوێت کارەکەی تەواو بکات، هەرواش دەکات.

تۆ بیر لەوە بکەرەوە کە پیاوەکە بەدیلی بەدەست و پێ بەستراوی بەدەم نووزەی پاڕانەوەوە، کە کەس دەنگی نابیستێت، چونکە دەمیشی بە لەزگەی ڕەش بەستراوە، دەیەوێت نەیکوژێت.

دیسان بیر لەوە بکەرەوە بکوژەکە خوێن ساردانە مشارە کارەباییەکەی دادەگیرسێنێت، سەرەتا قاچەکانی دەبڕێتەوە، پرژەی خوێن دەیدات بە سنگ و دەموچاویدا و دەگاتە دیوارەکە، هێندە نابات پیاوەکە لەهۆش خۆی دەچێت، پاش تاوێک بکوژەکە بە دەست و پلی خوێناوییەوە جگەرەیەک لە پاکەتەکەی دەردێنێت و

دایدەگرسێنێت، بەدەم مژلێدانەوە دەیەوێت کارەکەی تەواو بکات، کاتێک هەست بە جووڵە دەکات دیسان مشارەکە دادەگیرسێنێت و ئەم جارەیان لە قەفەسەی سنگییەوە دەست پێدەکات ئەویش دەبڕێتەوە، لەگەڵ تەواو بوونیدا مشارەکە بەتوندی دەکێشێت بە زەوییەکەدا، تاوێک لە جەستە بڕدراوەکە دەڕوانێت و لەسەر خۆ دەرگاکە دەکاتەوە و بەجێی دەهێڵێت.

-٥-

سەر دەخەمە سەر سەرینەکە و بیر لە چۆنێتی بینینی ژنە لەچک سپییەکە دەکەمەوە، نازانم کوێی بەدوادا بگەڕێم، دەنگێک لەدەرگاکەوە دێت وەک ئەوەی بە ئەسپایی کەسێک بیەوێت بیکاتەوە، هەرواشە کەسێک دەیەوێت بیکاتەوە، دەرگاکە دەکرێتەوە، ژنە لەچک سپییەکە خۆی دەکات بەژووردا، بۆ تاوێک لێی دەڕوانم و سەرسام دەبم، دەمەوێت پێی بڵێم بەم نیوەشەوە چۆن هاتیتە ژوورەکەم، کێ دەرگای حەوشەکەی لێ کردیتەوە؟ کێ تۆی بینی؟ نامەوێت بڕوا بەوە بێنم، کە ژنەکە بە خەواندنی موگناتیزی هاتبێتە لای من، هاوکات منیش بە خەواندنی خۆی ئەوم لە ژوورەکەی خۆم دیتبێت، پێکەوە دادەنیشین، بێدەنگ لەیەک دەڕوانین، بزە بۆ یەک دەکەین، دەمەوێت لە ناو جێگەکەم هەڵبستم و دەستی بگرم بیهێنمە ناو جێگەکەم، هەرهیچ نا بۆ تاقە شەوێک پێکەوە بخەوین، بەڵام بەرلەوەی ئەو ویستەم بکەم بەکردار، ئەو دێت و بەتانییەکەم هەڵدەداتەوە خۆی لەناو جێگەکەم دەهاوێژێت، کەمێک بۆن بە گیانمەوە دەکات و چاوەکانی دادەخات و لەسەرخۆ لێی دەخەوێت، دەمەوێت بەخەوتوویی ماچی بکەم، بەڵام نامەوێت تەلیسمی جوانی بشکێنم.

" ژنەکان کە دەخەون جوانی ڕاستەقینەیان دەردەکەوێت".

-٦-

هەواڵی کوشتنەکە درێژە دەکێشێت، بەجۆرێک تەواوی پۆلیسەکان بە دۆزینەوەی ئەو بکوژە نەفرەتییەوە سەرقاڵ دەکات، بەڵام تا ئەو کاتەی بکوژەکە تووشی دۆخێکی دەروونی هێجگار سەخت دەبێت، هیچ سەرەداوێک وەدەست ناخرێت، بکوژەکە لە ژوورێکدا خۆی حەشار دابوو بۆماوەی یەک مانگ نە دێتە دەر و نە یەک پێتیش لە لێوی بزوابوو، بەڵکو بەردەوام بیری لەوە دەکردەوە ڕێگەیەک بۆ خۆدەربازکردن بدۆزێتەوە، بەڵام تۆش وا بیر بکەرەوە، کە پۆلیس کون بەکون بەشوێن سەرەداوەوەن، چونکە ئەو وای بیرکردبۆوە ئیدی هەموو کەس دەیزانێت، کە ئەو بەخراپترین شێوە کوشتوویەتی، وای هەست دەکرد لە هەموو جێگەیەک دەیناسنەوە دەزانن بکوژەکە ئەوە، بەڵام ئایا ئەو خەیاڵکردنەی ئەو ڕاستە؟ ئایا وێنەی ئەو بڵاوکراوەتەوە، نرخ دانراوە بۆ پێدانی زانیاری دەستگیر کردنی؟ لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانیت وا بیهێنیتە پێش چاوت، کە هەرگیز پەشیمان نییە لە کوشتن و کەرتکردنی ئەو تەرمە فڕێدراوە.

-٧-

هەواڵی خۆڕادەستکردنی بکوژەکە و دادگایی کردنی بە ئاشکرا بڵاو بۆوە، کە سەرەتای ڕۆژی یەکشەممەی هەفتە لە هۆڵی دادگا لە پێش چاوی هەمووان دادگایی دەکرێت، بەو بەیانییە زووە بە پەلە خۆم دەگەیەنمە وێستگەی پاسەکە، دەزانم کە زوو نەڕۆم، جێگەیەکم بۆ نامێنێتەوە، لەناو پاسەکەدا بیر لە شێوە و قیافە و ڕوخساری بکوژەکە دەکەمەوە، وەک کەسێکی ناچیز و قێزەون و ترسناک دەیهێنمە پێش چاو، پاسەکە دەڕوات و من هەر بیر لەو دەکەمەوە، لەناکاو کەسێک دەڵێت:

"لەنزیک دادگا دابەزین هەیە"

ئەگەر ئەو کەسە بەدەنگی بەرز شۆفێرەکەی ئاگادار نەکردبایەوە، ئەوا بۆ هەتا هەتایە ئەو دانیشتنەی دادگام لەدەست دەدا، دادەبەزم و خۆم دەکەم بەناو دادگادا، لەچەند کەسێک دەپرسم، ئایا ڕووەو کوێ بڕۆم بۆ هۆڵی دادگا؟ پارێزەرێکی کچ بەدەست ئاماژەی لای چەپ دەکات و دەڵێت:

"بە ڕاڕەوەکەدا بڕۆ کۆتایی ڕاڕەوەکە هۆڵی دادگایە"

دەرگای هۆڵەکە نیمچە کراوەبوو، لەسەرەخۆ خۆم دەکەم بەژووردا، تاوێک سەرنجی ئەو کەسانە دەدەم، کە لە پێش منەوە لەوێ ئامادەبوون، چاوم دەچێتە سەر ژنێکی لەچک سپی، کە لە دووەم ڕیزی پێشەوە دانیشتووە، دڵم بەوە خۆشە کورسییەکەی تەنیشتی چۆڵە، خۆم دەگەیەنمە تەنیشتی، ئەوەی هەرگیز چاوەڕێم نەدەکرد ئەوە بوو، چۆن دەکرێت من زەوی و ئاسمان بەدوایدا بگەڕێم و ئەو

ئێستا لە تەنیشتمە، لەگەڵ چاوەڕوانی دەسپێکردنی دادگاییەکە، هەستێکی خۆشم هەیە، بەڵام من دەبێت ئەوە بڵێم جگە لە سڵاوێکی کورت و چەند وشەیەک هیچی دیکەمان پێکەوە نەگوت.

دادگایی کردنەکە دەستی پێ کرد، هەموو قسەی دڵم کۆکردەوە بۆ دوای تەواو بوونی دادگایی کردنەکە، کاتێک دوو پۆلیس کوڕێکی گەنجیان هێنا و لە ناو قەفەسەکە دایان نا، هەموو ئەو بۆچوون و پێشبینیانەی دەربارەی بکوژەکە پێشتر هەمبوون، ڕاست دەرنەچوون، بەخۆم گوت چۆن دەکرێت کوڕێکی وا گەنج ئەو کردە قێزەونە کوشتارەی کردبێت؟

دادگایی دەستی پێ کرد، کوڕە گەنجەکە وردە وردە دانی بەتاوانەکەیدا دەنا، لەناکاو ژنە لەچک سپییەکە لەجێگەی خۆی هەستاو ڕۆیشت، دەمویست منیش هەڵبستم، بەڵام هەڵنەستام و چاوەڕێی کۆتایی دانپێدانانەکەم کرد.

-٨-

چەند ساڵێک لەوەو پێش کە کوڕە گەنجە بچووکەکە منداڵ دەبێت، لەناو باخچە بچکۆلەی حەوشەکەدا دانیشتووە، میکانۆکانی ڕێک دەخات و دەیەوێت بیکاتە باڵەخانەیەک، بەڵام هەرچی دەکات ئەو کارەی بۆ ڕێک ناخرێت، چەند جار تێکی دەداو دروستی دەکاتەوە، جریوەی چۆلەکەیەکی تەنیا بەسەر لقی دار پرتەقاڵەکەوە سەرنجی ڕادەکێشێت، میکانۆکانی فەرامۆش دەکات و دەیەوێت بزانێت ئەو چۆلەکەیە کێ بانگ دەکات..! بێهوودە دەبێت کە نەیزانی بۆ کێ دەجریوێنێت، تووڕە دەبێت و یەکێک لە پارچە میکانۆکانی تێدەگرێت و چۆلەکە هەڵدەفڕێ، هاوکات دایکی کە لەناو گەرماوەکەدا خۆی دەشوات و تاکی پەنجەرەی گەرماوەکەی بەئاستەم کردبووەوە تەماشایەکی کوڕە بچکۆلەکەی دەکات، دڵنیا دەبێت لەوەی لە جێگەی خۆی بەئارامی دانیشتووە، ئەرخەیان دەست دەکاتەوە بە خۆشووشتن، کوڕە بچکۆلەکە کە ئیدی نائومێد دەبێت لە دروستکردنی باڵەخانەکە، میکانۆکانی دەپێچێتەوەو دەیباتە ژوورەوە لە جێگەیەک فڕێی دەدات، پاشان بۆلای ساردکەرەوەکە دەڕوات و دەرگاکەی دەکاتەوە تاوێک دەگەڕێت تا شتێک بدۆزێتەوە بیخوات، دەستی دەبات بۆ هەنجیرەکە و دەیەوێت بیخوات، بەڵام گوێی لە تەقەی دەرگا دەبێت، هەنجیرەکە لەجێگەی خۆی دادەنێتەوە، دەخوازێت بڕوات دەرگاکە بکاتەوە، بەڵام بینی دایکی کە خاولییەکەی لەسەریەوە پێچاوە و بەرەو لای دەرگاکە دەڕوات، ڕایدەوەستێنێت، دایکی لە کونێکی بچووکەوە تەماشای دەکات، تابزانێت کێیە، پاشان بەدڵنیاییەوە دەرگاکە دەکاتەوە، پیاوێک لەگەڵیدا دێتە ژوورەوە، هێندە نابات بە بەرچاوی کوڕە بچووکەکەوە دەڕۆنە ژوورەکەی پشتەوە. ئەگەرچی دایکی پێی گوت:

"تا میوانەکە دەڕوات، لە ژوورەکەی پشتەوە نەیەتەدەر"

بەڵام کاتێک گوێی لە نرکە و ئازار کێشان بوو، خۆی نەگرت و هاتە دەر لە درزێکی لێوی دەرگاکەوە تەماشای کرد، کە پیاوەکە بەهەموو قورسایی خۆی، خۆی داوە بەسەر دایکیدا و لەژێر خۆیدا گرمۆڵەی کردبوو، قاچەکانی لە هەردوو کەمەرییەوە بڵند بووبوو. کوڕەبچووکەکە نەیوێرا نوققە بکات و دەرگاکە بکاتەوە، تا ئەو کاتەی پیاوەکە خۆی کۆکردەوەو جلەکانی لە بەرکرد، پارەکەی فڕێدایە سەر پشتییەکەی، پاشان لە چاوترووکاندنێکدا هەڵات و خۆی کردەوە بە ژوورەکەدا لە سووچێکەوە کڕ بوو.